ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دەستیکرد بە نوێژکردن پێش وتاردان، بە بێ ئەوەی بانگ بدرێت وقامەت بکرێت، پاشان هەستا پشتی بەستبوو بە بیلال (لە وەستانەکەیدا)، فەرمانیکرد بە تەقوای خوای گەورە، وئاموژگاری خەڵکی کرد کە گوێڕایەڵی خوای گەورە بن، ورێنموێنی خەڵکی کرد و بەبیریانی هێنایەوە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دەستیکرد بە نوێژکردن پێش وتاردان، بە بێ ئەوەی بانگ بدرێت وقامەت بکرێت، پاشان هەستا پشتی بەستبوو بە بیلال (لە وەستانەکەیدا)، فەرمانیکرد بە تەقوای خوای گەورە، وئاموژگاری خەڵکی کرد کە گوێڕایەڵی خوای گەورە بن، ورێنموێنی خەڵکی کرد و بەبیریانی هێنایەوە، پاشان چوو هەتا گەیشتە لای ئافرەتان، ئاموژگاریانی کرد و بەبیریانی هێنایەوە، وفەرمووی: «خێر بکەن، ئێوەی زۆرینەی سوتەمەنی دۆزەخن»، ئافرەتێک هەستا لە ناوەڕاستی ئافرەتاندا؛ پەڵەی جیاواز -لە ڕەنگی پێستی- لەسەر گۆناکانی هەبوو، ووتی: بۆچی؟ ئەی پێغەمبەری خودا ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «چونکە ئێوە زۆر سکاڵا دەکەن، وسپڵەن بەرامبەر مێردەکانتان»، پاشان ئافرەتان خێریان کرد بە بەخشینی خشڵ وزێڕ وەکو گوارە وئەنگوستیلەکانیان دەیانکردە نێو جلەکەی بیلال (جلەکەی فراوان کردبووەوە بۆئەوەی بەخشینەکانی تێدا کۆ بکاتەوە).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی کرد لە نوێژی جەژندا بە بێ ئەوەی بانگ بدرێت وبە بێ ئەوەی قامەت بکرێت، پاش ئەوەی نوێژەکە تەواو بوو وتاری بۆیان دا، فەرمانیکرد بە تەقوای خوای گەورە: ئەنجامدانی واجب وفەرمان، ودووركەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان وحەرامکراوەکان، وپەیوەست بن بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە لە نهێنی وئاشکرادا، وهەمیشە پەیمان وهەڕەشە وسزاکانی خوای گەورەیان لەبیر بێت بۆئەوەی بە هیوا بن وبترسن. چونکە شوێنی دانیشتنی پیاوان وئافرەتان جیاواز بوو بەشێوەیەک ئافرەتان بە باشی گوێیان لە وتارەکە نەبوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گرنگی بە گەورە وبچووک دەدا، وبە ڕەحم وبە بەزەیی ونەرمونیان بوو، چوو بۆ لای ئافرەتان، وبیلالی لەگەڵدا بوو، ئاموژگاریانی کرد و بەبیریانی هێنایەوە، زۆرتر ئاموژگاریانی کرد وبۆیانی ڕوونکردەوە کە ئەوان زۆرینەی ئەهلی دۆزەخن، وڕێگای ڕزگاربوونیان لە دۆزەخ بریتیە لە خێرکردن؛ چونکە خێرکردن تووڕەیی خوای گەورە ناهێڵێت هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە. ئافرەتێک هەستا لە ناوەڕاستی ئافرەتاندا، وپرسیاری کرد بۆچی ئافرەتان زۆرینەی ئەهلی دۆزەخن بۆئەوەی خۆیان دوور بکەنەوە لە هۆکارەکانی چوونە دۆزەخ، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: چونکە ئێوە زۆر سکاڵا دەکەن وڕەخنە دەگرن وقسەی ناشیرین وناڕەوا دەکەن، ونکۆڵی دەکەن لە خێر وچاکەی زۆر ئەگەر کەسێک یەک جار بەرامبەرتان کەمتەرخەم بێت. چونکە خێزانەکانی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بەپەلە بوون لە ئەنجامدانی خێر وچاکە ودووركەوتنەوە لەو شتانەی دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوای گەورە، دەستبەجێ خێریان کرد بە بەخشینی خشڵ وزێڕەکانیان وەکو گوارە وئەنگوستیلەکانیان کە لە دەست وملیان بوو، ودەیانکردە نێو جلەکەی بیلالەوە کە ڕایخستبوو (جلەکەی فراوان کردبووەوە بۆئەوەی بەخشینەکانی تێدا کۆ بکاتەوە)، بۆئەوەی خوای گەورە لێیان ڕازی بێت وپاداشتیان بداتەوە


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee